# (مریشکه بەکڕ و جەنگ و جەهالەت)

پێشکەش بە شەهید دڵشاد مەریوانی.
---------------------------------

(بە بۆنەی ڕەشەکوژی وکۆمەلکوژی زامی ٩ حوزەیرانی ١٩٦٣ ی شاری سلیمانیوە. گەمژە سدیق ! ناوبراو وەک زۆربەی ئەڵقە لە گوێکانی دەسەڵات، مولەقەب بوو بە " زەعیم، " ٨٢ " رۆڵەی خوێندەوار و مامۆستای میللەتی بەبی دادگایکردنیان لە حامییەی ئەوسای سلیمانی زیندە بەچالی کردن).

ساڵی ١٩٦٣، رۆژی ٨ ی مانگی فەبرایەر ییوو، کودەتا سوپاییە شوومەکەی بەعسیە فاشییەکان، دژی حوکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بوو. رۆژێ پاش کودەتاکە، ٩ ی فابرایەر، یەکەم بریاریان، حوکمی سوپاییان بەسەر زۆربەی شارەکانی کوردستاندا فەرزکرد.

لەسلێمانی وزۆربەی شارەکانی کوردستانی باشور هاتوو چۆیان قەدەغەکرد، تا هەرکەسێکیان مەبەست و بە دڵ نەبوو، لەماڵی خۆیاندا، بەئارەزوی خۆیان و بەبێ دەنگی بییانگرن و گولە باران وزیندە بەچاڵیان بکەن.

ئەو بە یانییە، سەربازێکی زۆر لە دەرگای حەوشە و سەربانەوە، بە تەپەتەپی پۆستاڵ، چرپەچرپی عەرەبی کاولێوە، بەسنگ دەرپەراندنەوە وبە هەڵەداوان، رژانە ماڵمانەوە. بە پەلە هەریەکەیان لەماڵەکەماندا بە ئارستەیک ملليان نا. قوژبن نەما لەماڵەکەدا دەجار سەری پێدانەکەنەوە. ئەدگووت سەگی برسین و بۆنی ئێسقانییان کردووە، یان کێچ چۆتە کەوڵییان.
تا ژووری گەنجینەکەی پشتەوەمان چوون. لەو رای مریشکە کونجەیەکمان هەبوو، لەسەر هێلکەکانی، لە قوژبنێکی گەنجینەکەدا کڕکەوتبوو. دایکم قوولینەیەکی دار چناری بۆ سازکرد بوو، کە مریشکە کونجە زۆر دڵی پێخۆش بوو، دایکمان لە ئێمەی منداڵی، هاتوو چۆی گەنجینەکەی لێ قەدغە کردبووین.
هەموو جار ئەیگووت:
منالەکان!! توخنی گەنجینە نەکەون بامریشکە کونجە لە هێلکەکانی نەتۆرێ و لەسەر هێلکەکانی کڕکەوێ.

سەربازە هار و کەم پەروەدەکان، بەقیرە قیروو بە نوکی دەمی پۆستاڵ:
مریشکییان لەسەر هێلکەکانی هەڵفراند، بۆ دۆزینەوەی بەڵگەیەکی کەمی پاساوی کوشتن، بۆ پارچە کاغەزێک یان نوسراوێک، قوڵینە وسەبەتە وهێلکەیان بە نووکی پۆستال سەرەوژێر کرد، ئیتر لەو رۆژەوە، مریشکە کونجە کڕنەکەوتەووە.
کۆمەڵێکیان بەپەلە بەرەو هەیوانی ئەوبەرەوە بەهەڵەداوان رۆشتن، خۆیان کرد بە ژورەکەی دڵشادی برام و مندا، کاتێک بینییان لەسەر چەند رەفەیەک کیتاب و موجەلەدی چیرۆک و نوسراومان هەبوو. کیتابی ئەدەبی کوردی، عەرەبی وجیهانی بوون، ئەگەر بیرم مابێت: دیوانی شاعیرە کوردەکان، هەندێ چیرۆکی نەجیب المەحفوز، یەکدو چیرۆکی ئەلسکەندەر دومای فەرەنسی، جوبران خەلیل جوبران وهەندێ گوار ورۆژنامەی کۆنی کوردی بوون. وەلێ کیتابی ئەستور و پڕ پەرەبوون.
سەربازەکان کاتێ کتێبخانە خنجیلەکەی دڵشادی برامیان بینی، دیاربوو ئاواتییان هاتبووە دی. لەشیان سوکتر ببوو، دوویان بەقەڵەم باز چونە بەردەم ئەفسەرەکەیان، هاوکات لە لەگەڵ بابم بەعەربی ئەدوان. بەهەردوو پێ و بەدەست

سەلامیان بۆ سەند، دوو وشەیان بە ریتمی ڕێزی نێوان ئەفسەر و سەرباز بۆ کرد. ئەفسەرەکە دیاربوو هەڵوێستەکانیانی بەدڵ بوو، بەپەلە و بەدوو قەڵەم باز کەوتە نێوان دەرگای ژورەکەمانەوە. سەیرێکی بابمی کردوو، دەستی بۆ کتێبەکان درێژکرد. گووتی :

ئەم کیتابانە کێ دەیان خوێنێتەووە؟

لەو کاتەدا سەفەرەکەی بەغدادی لەگەڵ باوکمدا کەوتەوە، یەکدوو ساڵێک لەوەوبەر، لەگەڵ بابمدا کردبووم. لە ڕێگای بەغداد، کاتێک سەربازەکانی خاڵی پشکنینی پێش حەویجە، لەنێو جانتاکەی باب و مندا، بە هەردووکمان جانتایەکمان پێ بوو، دەرمانی دان و دوو فڵچەی دان شتنیان لە نێو جانتاکەدا بینی. بە باوکم یان گووت، ئەمانە چین؟

بابم گووتی دەرمانی دان و فڵچەی دان شتنن.

سەربازەکان پێیان گووت:

بۆ تۆ دانسازی؟

بابم گووتی نەخێر من عەتارم.

گووتیان درۆمەکە، دەرمانی دانکە بدەستیانەوە بوو، بە عەرەبی بە باوکمیان گووت:

لم غەرازەک ئینچەپ و ئسعەد. واتە (غەرازە کانت کۆکەرەوە، وەلبە و سەرکەوە).

بابم بەداماوییەوەم جانتاکەی بەبێ دەرمان و فڵچەکانی دانەکان کۆکردەوە و دەستی گرتم و چوینەوە ناو ماشێنی نەفەراتەکەوە.
بابم سەیرێکی کردم و بە ئەسپای گووتی:

کورم گوێمەدەری لە بەغداد دانەیەکی باشتر ئەکرین .

ئەم کەرەتەیان لەنێوو ماڵی خۆماندا بووین و لەرێگای بەغداد و حەویجە نەبووین، من ترسام، دیار بوو، بابم دەرمانی دانەکەی بیرچۆبۆوە.

بابم بێ باکانە گووتی:

هاوکات بەرەو رووی زابتەکە دەرۆیشت، بە فەخر و بەفیزەووە گووتی:
کورەکەم و دەستی بۆ دڵشادی برام راکێشا. ئاخر بابم لەو کاتەدا، نەیدەزانی جەهالەتی ئەوەندە درندەیە، کە گەنجێکی ١٥ ساڵ لەسەر خوێندنەوەی ئەدەب ئازار بدرێت. ئەفسەرەکە سەرێکی بادا، وەک گاڵتەی بە کتێب و لاوێکی وەک دڵشادی برام بێت. بە تورەیەوە، دەستێکی بۆ دڵشادی برام راکێشا، بە سەربازەکانی گووت: ئەو باڵابەرزەم بۆ بەرن. چاوم لێ بوو بابم حەپەسا، لە هەیوانی ئەوبەرەوە، دایکم بە چاو سەیری ئەفسەر و سەربازەکانی دەکرد.

هەر بینی دڵشادی برام بەدەست سەربازەکانەوە بەرەو قاپی حەوشە بردیان. کردی بەشیوەن، لەخۆدان و قژ رنینەوەی، قژنەما بەسەرێوە هەمووی رنیووە. بیرم دێت گریان و قورپێوانی تێکەڵ بە گارەگاری مریشکە کونجە و دەنگی فیشەک و تەقەی نێو شار ببوو.

دایکم بە گریان و لەخۆدانەوە، بە باوکمی ئەگووت،

برۆ بە عەرەبی پێیان بڵێ، با کورەکەم بدەنەووە.... بەخوا نایبینینەووە. باوکم بەداماوێوە چووە بەر قاپی بەسەربازەکانی گووت::
بۆ خاتری قورعان کورەکەم مەبەن، هێشتا نە بووە بە ١٦ ساڵان و قوتابخانەی هەیە. ئەفسەرەکە هاوکات هێشتا نزیکی دەرگای ماڵمان بوو.

به تورەییەوە گوتی:
حاجی دەبوو تۆشمان ببردایە، برۆ ژوورەوە. دەرگاکەی بەسەر باوکمدا بە توندی داخستەوە.

ئیتر ئەورۆژە هەر گوێمان لە تەقە بوو. ماڵمان ئەتگووت خۆڵی مردووت بەسەردا رژاندوە. تەنیا گوێت لە گریانی بەکوڵی داکم و گارەگاری مریشکە کونجەی هێلانە شێواوت گوێ لێدەبوو، لە کاتێکدا تێکەڵ بە تەقە و دەست رێژی ناو شار دەبوون.
دایک و بابم و خوشکان و برایان هەموو وربووین، نەمان ئەزانی بەچ خۆمان بغڵافێنین. رۆژێک بوو چ مان نەمان دەزانی چی لەدڵ ومێشکی ئەویترماندا ئەگوزەرێت.

دڵشادی برامیان بە ١٥ساڵی برد، تا سێ مانگی رەبەق، لەماڵماندا شێن وشەپۆر بوو. پاش سێ مانگ پیر و منداڵەکانیان بە نیووە مردووی بەردا. ئەوانی تریشیان، لە دەشتی تەیارە خانەکە (پارکی ئازادی ئەورۆ)زیندە بەچاڵ کرد. دڵشادی برامیان، بەمێردەمناڵی برد، چونکە تەنیا خوێنەوار بوو، هەروەها کیتابی پڕ پەڕەی دەیخوێندەووە. ئاسایشی نەتەوەی کوردستانی لە بەعسێکان دەشێواند. ئەوان پێویستیان بە کەسانی، نەزان، نەفام، گەمژە و خۆفرۆش بوو. پێویستیان بە زانست و ئازادی بیر و باوەر نە بوو. پاش ئەوەی کوردستان و عێراقیان لە عیلم و عیرفان و نەتەوەپەرستەکان پاکردەووە، جەهالەتیان لە دڵ و دەرونی خەڵکیدا چاند، بە ئاوی ناکۆکی و جەهالەت ئاویاندا، چەندەها ملوێنیان لەورۆژەوە تا ئەمرۆ دەربەدەر وپارچە پارچەیان کردن، بەداخەوە تا هەنووکە بەردەوامە .

خۆشناو مەریوانی حوزەیرانی ٢٠١٣ پراگ

KHOSHNAW MERIWANY
meriwany٥@gmai.com